وەزارەتی پەروەردەی هەرێم بۆ دەوامی مامۆستایان و قوتابییان بڕیاریدا

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان راگەیاندراوێکی لەبارەی دەستپێکردنەوەی دەوامی ناوەندەکانی خوێندن بڵاوکردەوە.

لە راگەیاندراوەکەی وەزارەتی پەروەردەدا هاتووە، لەمانگی پیرۆزی رەمەزاندا لەگەڵ دەستپێکردنەوەی دەوامی ناوەندەکانی خوێندن ، وێڕای پیرۆزبایی ئەم مانگە پیرۆزە لە پەروەردەکاران و مامۆستایان و قوتابیان، بە فەرمانی وەزیری پەروەردە،بڕیاردار کە لەمانگی ڕەمەزان ئاسانکاری لە دەوامی ناوەندەکانی خوێندنی حکومی بکرێت، بەم شێوەیە:

1- هەر وانەیەک تەنها (30) سی خولەک دەبێت.

2- بەڕێوەبەری ناوەندەکانی خوێندن ئاسانکاری تەواو بکەن بۆ مامۆستایان ، بەتایبەت مامۆستایانی ئافرەت.

3- قوتابخانەکانی ئێواران(مسائی) بەهەمان شێواز (10) خولەک لە هەر وانەیەک کەمدەبێتەوە و دەسەڵاتی ڕێکخستنی دەوامی ناوەندەکانی خوێندنی ئێواران لەمانگی ڕەمەزاندا دەدرێتە بەڕێوەبەری ناوەندەکە.